www.kurdistannet.org
7-10-2006 7:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ژوری ترو تس لە هەموو ژورەکانی تری پاڵتاک بەشداربووی زۆرترە!!! ... ئەحمەد تازەدێیی

سوید



ڕۆژ لە دوای ڕۆژ غەم خۆرانی زانست، هەوڵ و تێکۆشانیان لە برەودایە بۆ وەدیهێنانی نوێترین تەکنۆلۆژیی سەردەم، لە بۆ خزمەتکردن و وەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگای جیهانی، هەرجارەو شتی تازەو سەرسوڕهێنەر دێتە ئاراوە و پێشکەشی ئێمەی مرۆڤ دەکرێت، کەچی ئێمەی کورد نەوەک نەمانتوانیوە خۆمان گرێ بدەین بە زانستەوە وببین بە هاوەڵی و خزمەت گوزار بین بۆ خۆمان و مرۆڤایەتی، بگرە بە زۆرینە، ناشزانین بە شێوەیەکی باش بەکاری بێنین و خۆمان سودمەند کەین لە بووارە سودبەخشەکانی، دەکرێت بڵێین، زۆر بەداخەوە لە بووارە نێگەتیڤەکانی دەستی کاراو باڵامان هەیە.

یەکێک لەو زانست و تەکنۆلۆژیای ڕۆژگاری ئەم سەردەمە، دونیای پاڵتاڵکە (paltalk) .

من بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێت، ئاشنا بووم بە دونیای پاڵتاک، هەرچەندە پاڵتاکیش تەمەنی زۆر درێژ نییە و بڕواناکەم تەمەنی بگات بە دوو ئەوەندەی ئاشنا بوونەکەم.

ئەگەر بتوانین بە جوانی بووارە پۆزەتیڤەکانی پاڵتاک بەکار بێنین، بە تایبەتی لە بواری تەوەرو گفتوگۆو دیالۆگدا، ئەوا دەتوانرێت لەژوورێکی چەند سەد کەسیدا، گوێڕایەڵی بۆچوونە جیاوازەکانی یەکتر بین و زۆر جاریش لەیەک نزیک ببینەوە و قەناعەتیش بە یەکتر بکەین، چوون بەڕاستی دونیای پاڵتاک ئەوەندە بە هێزە، ئەتوانێت دوو تەیاری دژ بەیەک یان دوو کەسی دوژمن بەیەک لە دووری چەندین وڵاتەوە، لە ژوورێکی خنجیلانە پێکەوە کۆبکاتەوە.

لەپاڵتالکدا، کاتێک کلیکی kurdish room دەکەیت، بە سەدان ژوری جۆراوجۆرت بەرچاو دەکەوێت، ژوری سیاسی، ژوری ئیسلامی، چەپ و کۆمەنیست، گۆرانی و مووسیک، هێلپ کۆمپیتەر، چایخانەی شەڕە جنێو و ترو تس، ژوری ک... م بە سلێمانی، ک... م بە هەولێر، چەند ژورێکی باشی ترو چەندین ژوری جەنگەڵستانی تریش.

چوار ساڵ پێش ئێستا تەنها یەک ژووری شەڕە جنێو هەبوو، ئەندامانی ژوورەکەش لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، کەچی ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ، ژوورەکانیان بەرەو زیاد بوون دەڕوات و ژووری وایان هەیە زۆرجار ئەندامەکانی لە دووسەد کەس زیاتر تێدەپەڕێت، وەک ژووری، ( kurdistan chaxany trr tss HKK)

ئەم ژوورە کە ناوی (کوردستان چایخانەی ترو تسە) لە ماوەی (چوار) ساڵدا، ئەندامەکانی لە چەند کەسێکەوە بەرز بۆتەوە بۆ سەروی دووسەد کەس، ئەگەر وا بڕوات دوای چەند ساڵێکی تر زۆرترین کوردی تەراوگە لەخۆیان نزیک دەکەنەوە و جوانترین جنێوی تازەی سەردەم، وەک تەکنۆلۆژیایی سەردەم، وە بەرهەم دێنن، بۆ کۆمەڵگای کوردەوای.

بەڕێزترین کەسی بەشداربووی ژوورەکانی شەڕە جنێو، ئەو کەسەیە کە جوانترین جنێوی نوێی سەردەم بزانێت، ئەمە ووتەی یەکێک لە بەڕێوبەری ژوورەکەیانە.

زۆربەی زۆری بەشداربووانی ئەم ژوورە، کوردەکانی باشوری کوردستانن، بەتایبەتی هەولێر، و سلێمانی، وە زۆرجاریش ئەبێتە شەڕە جنێوی شار بە شار، (سلێمانی)، یەکان بە لایەکو (هەولێر)، یییەکان بە لایەک، وە بەناوی یەکترییەوە زوور لەسەر یەکتری دەکەنەوە بۆ جنێودان و وێنەی کچانی کورد لە ژورەکانی پاڵتالک بڵاودەکەنەوە، وەک لە لیستەکەدا دەردەکەوێت، کە کچێک بە ناوی (شیلینە قەڵەو) بووە بە قوربانی.

| Rooms in Europe : Kurdish | Members |
|---|---|
| Kurdistan Chaxanay Trr Tss Trr Tss HKK | 103 |
| Kurdistan Peshmerga Derinekan | 45 |
| kurdistan mafi kichan u jnani kurd la jihan | 42 |
| Kurdistan PESHRAW w Socialist | 40 |
| Kurdistan Democratic Party Lqi 6 | 28 |
| Kurdistan Komallay Peshmerge Derinakan | 26 |
| Kurdistan KuRan KcHan Oslo London Stockholm Berlin | 26 |
| kurdistan centrum | 22 |
| kocka gele K U RDI S TA N | 21 |
| Kocka Rojavaye Kurdistan | 20 |
| Kurdistan Computer Help Room | 20 |
| Kocka Serhildana Binxetee | 19 |
| Kocka Civata Ezidxana Sherin | 18 |
| Cx Turkiye Cumhuriyeti Cx | 17 |
| Kurda kurd u rebazy ISLAM | 17 |
| kurdistan chayxanay lIll HAWLER lIlI | 17 |
| III Kocka Kurdistane III | 16 |
| KURD II Horaman Il | 12 |
| Kocka Kurdistane KRG | 11 |
| kurdistan Chaxanay kerm ba SLEMANI | 9 |
| Kurdistan WaRzSh | 9 |
| kocka NISEBINArengin bajare serhildane | 8 |
| kurdistan chaxanay kerrm BA HAWLER | 8 |
| Kurdistan Era Dengi Kurdistan e | 8 |
| kurdistan jure QSAI XOSH gorani | 8 |
| Kurdistan sillina sillina sillina qalaw rasmakant | 8 |
| kurdistan har 4parcha bakur bashur Rojawa Rojhalat | 7 |
| Kocka Stiranen kurdi | 6 |
| kocka Zaxo u dhok kech u kur | 6 |
| kucka kurdistana min | 6 |

بۆ ئەوەی زیاتر زیانیاری لە سەریان کۆکەمەوەو هۆکاری بەرەو پێشچونی ژوورەکەیان بزانرێت، بەناوێکی خوازراوەوە دووجار سەردانی ژووری (ترو تس)، م کرد، بەڵام بە داخەوە بوواری ئەوەیان پێنەدام کە قسەبکەم، لە ئەنجامدا چەند جنێوێکی تەکنۆلۆژیای سەردمیان پێشکەش کردم و بەبێ ئەنجام ژووەکەم بەجێهێشت.

ئەم لیستەی سەرەوە، ناوی هەندێک ژوورەکانی پاڵتاکە، کەلە شەوە درەنگ وەختێکی شەوانی پشودا وێنەم گرتووە، وەک دەردەکەوێت لە (ژووری کوردستان چایخانەی ترو تس)، دا سەدوو سێ کەسی تیدایەو لەم کاتەدا زۆرترین بەشداربووی لێیە و قەرەباڵخترین ژووری پاڵتاکە. !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!